# وتووێژ لەگەڵ حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

**ئامادەکردنی:** قەرەنی قادری

نارەزایەتی، خۆپیشاندان و مانگرتنەگشتییەکانی ئەم دواییانە کە بەشێکی هەرە زۆری شارەکانی کوردستانی ئێرانی تەنیبۆوە، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ـ ئەو روداوانەی لە بەر بەیانی رۆژی19ی پووشپەڕەوە، بەدوای شەهیدکردنی شوانەی سەیدقادر دەستی پێکرد، لە خوێندنەوەی من دا راپەڕین بوو. راپەڕینێک کە هێندێک لە مەرجەکانی بۆ سەرکەوتن ئامادە نەبوو. لە روی "عەینی"یەوە، بارودۆخ لەمێژە لە کوردستان ئامادەیە. لەمێژە لە نێوان داگیرکەر و کورددا پردێک نەماوە. گەلی کورد، بە خەباتی زیاتر لە چارەگە سەدەی راپردووی هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە دەسەڵاتی داگیرکەریی راگەیاندوە. تەحریمی یەکپارچەی شانۆگەریی هەڵبژاردنی سەرکۆماریش لەم دواییانەدا، ئەو هەڵوێستەی لە شکڵ و شێوازێکی دیکەدا نیشان دایەوە. رێژیمش لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە زەبر و زەنگ و مۆڵدانی هێزی چەکدار و دام و دەزگای سیخوڕی و ئینسان کوژیی، دەسەڵاتی خۆی سەپاندوە. بەڵام هێشتا خەباتی گەلی کورد سازمان دراو نییە. هێشتا سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی کوردستانی بۆ رێبەرایەتی کردن و سازماندانی خەڵک پێکنەهاتووە. دەکرێ بڵێین ئەو راپەڕینە،"خودبەخودی" بوو. تایبەتمەندیی رووداوە خودبەخودییەکانیش ئەوەیە کە لە پڕ روودەدەن و پاشان روو لە دامرکانەوە دەکەن.هەڵبەت لە پشت ئەو روداوە خودبەخودییە، رادەیەک لە هوشیاری هەبوو، بەڵام سەرکردایەتی نەبوو. راپەڕین لاشەیەکی بێسەر بوو کە دەجووڵا.

هۆکارەکانی خۆپێشاندانەکان کە وا بە خێرایی و گڕگرتوو شارەکانی کوردستانی دەتەنییەوە چی بوون؟

ـ کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و رەوانیی لە تەک رووداوێکی دیاردا لە خاڵێکی زەمانیدا بەیەکگەیشتنەوە و ئەو راپەڕینەی لێکەوتەوە.

خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵات بەشێکە لەو خەباتە مێژووییەی نەتەوەی کورد بۆ مانەوە و رادانی داگیرکەر لە سەرخاکەکەی و بە دەستەوە گرتنی چارەنووسیی سیاسی خۆی. ئەو راپەڕینە ئەڵقەیەک بوو لە زنجیرەی راپەڕینەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمان. درێژەی راپەڕینەکانی پێشوو بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، سمکۆی نەمر قازی محەممەد بوو. درێژەی ئەو خەباتەیە کە لە سەردەمی نوێ دا زیاتر لە چارەگەسەدەیەکە پێیەوە خەریکە. ئەم هۆکارە سیاسی و مێژووییانە کە ناوەڕۆکی تەواوەن نەتەوەییان هەیە، لەو راپەڕینەدا بە رونی دیار بوون. لەلایەکی دیکەوە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، کوردستانی کۆلونی و داگیرکراو لە پێشکەوتن پێبەشە. نە کارخانەی هەیە، نە دەرمان و لەشساغییەکی شایستەی ئینسانی هەیە، نەخوێندن و خوێندنی باڵا ئاکامی بۆ ئەو هەزاران لاوە هەیە کەساڵانە دەردەچن، نە وەڵامێک بە ویست و داخوازە سەردەمییەکانی لاوان دراوەتەوە. لە ئاکامی ئەو دۆخە نالەبارەدا بۆ لاوانی کورد هیوایەک بەداهاتوو نییە. تەمەنی پێکهێنانی خێزان زۆر هەڵکشاوە. ئاسوودەیی و هێمنی لە خێزانەکان هەڵگیراوە و ئاماری تەڵاق و هەڵوەشانەوەی خێزان بەردەوام روو لە زیاد بوونە. دیاردەی مادە سڕکەرەکانیش کە لە لایەن خودی رێژیمەوە وەک چەکێک دژی گەلی کورد بەکار دەهێنرێ، دەردێکی گەورەیە. بەم حاڵەوە ئینسانی کورد ئەگەر یاخی و رانەپەری نەبێ چ بکا؟ لە رووی رەوانییەوە، مرۆڤی کورد لە رۆژهەڵات بە رادەیەکی باش ئاگای لە گۆڕانکارییەکانی جیهانە. ئاگای لە روخانی دیکتاتۆرەکان و ئازادی گەلانە. رۆژانە باسی چەمکەکانی ئازادی، دیمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەبیستێ. هەر لە پەنا دەستییەوە روخانی رێژیمی دیکتاتۆری بەعسی عێراقی دیتووە. ئازادی کورد و دەسەڵاتدارێتی کورد و پێشکەوتن و گەشە و پەرەسەندن لە باشووری نیشتمانەکەی دەبینێ. ئازادی و دڵخۆشی و خۆشگوزەرانی کورد هەست پێدەکا. بەڵام خۆی لە بندەستی و هەژاری و بەرفەرمانی هێزی داگیرکەردا دەبینێ. بۆیە بڕیاری راسان و پچڕاندنی کۆت و بەند دەبێتە خەون و خەمی رۆژانەی.

ئەم هۆکارە سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و رەوانییانە، لە تەک رووداوانی کارەساتێک کە تێیدا لاوێکی کورد بەو تەرزە بەر پەلامار دەکەوێ، دەگیرێ و هێزی داگیرکەر بەبێ حیساب بۆ هیچ قانوونێک و هیچ کەسێک وەک گورگ قەڵخی دەکا و هەڵیدەدڕێ، لە کات و ساتێکدا بە یەک گەیشتنەوە و لە پڕ تەقینەوە لە پێشدا(مهاباد) و دوایە هەموو کوردستانی گرتەوە.

بە کورتی شەهید کرانی شوانەی سەید قادر، چەخماخە و بروسکەیەک بوو کە لە رق و قینی پەنگخواردوی وەک باروتی خەڵک درا و تەقاندییەوە. ئەوە بوو کە هاوار بۆ شوانە لەگەڵ هاوار بۆ ئازادی و راگەیاندنەوەی: "ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان" یەکیان گرتەوە.

ئەو پرس و بابەتانەش تەنیا هی شارێک و دەڤەرێکی کوردستان نەبوون. دەرد و ئازار و خەمی هەموو شار و دەڤەرەکانی کوردستان بوون و بەخێرایی هەموو لایەکی گرتەوە. لە نێو ئەو فاکتەرانەدا فاکتەرە سیاسییەکە، کە هەمان پرسی نەتەوەیی کوردە، بە فاکتەری سەرەکی دەزانم. هەر چەند رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی میدیای چالاک و سەرنجراکێشی نییە، بەڵام دەوری ئەو tvیە کوردی و ناکوردیانەی کە هەواڵی روداوەکانیان تێکەڵ بە سۆز و هاوخەمی و پشتیوانی دەگواستەوە، کاریگەریی گرنگیان هەبوو.

ئەو دەنگوباسانەش بڵاودەکرانەوە کە لە کاتی خۆپێشاندانەکاندا، ئیداراتی دەوڵەتی، بانک و بینای دامەزراوەکانی تـر دەسووتێندران یان دەرگە و پەنجەرەکانیان دەشـکێندران. ئەمانە تا چ ڕادەیەک ڕاسـت بوون و ڕاتان سـەبارەت بەم ئاکارانە چین؟

ـ کۆماری ئیسـلامی و هێزەکانی و دام و دەزگاکانی داگیرکەریی هۆکاری توونـد و تیژییەکانی ئەو ڕاپەڕینە بوون. ئەوان تاوانیان خوڵقاند و هەرچی پێی بڵێی شـکاندنی کەرامەت و مافی مرۆڤ، لە شـوانەدا بەرجەسـتەیان کرد. لەڕاستیدا ڕاپەڕینی گەلی کورد، هەسـتان بە دژی توند و تیژی و تیرۆر و پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ و بایەخ و پرەنسیپە ئینسانییەکان بوو. بەڵام دیسان بە توند و تیژی وەڵامیان درایەوە. بە تەقەکردن، کوشتن، گرتن و لە زیندان پەستاوتن و ئەشکەنجەدان و لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتن و هێرشی هەوایی و لە سـەربان و سـەرپرد خستنە خوارەوەی خەڵکی خۆپیشاندەر. هێزەکانی ڕێژیم توندوتیژییان خوڵقاند. لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارە دڕندانەیەدا ئاسایـی بوو ئەگەر خەڵکی هەڵچووی بێچەکی بێ پشت و پەنا، داخی خۆیان بە هەر شتێ ڕێژن کە بە نمادی دەسـەڵاتـی داگیرکەری بزانن. بۆیە هێندێک لەو دام و دەزگایانە کەوتنە بەر پەلاماری خەڵک. بەڵام لە هێندێ شوێن پیاوانـی خودی دەوڵەت هاندەر و دەسپێشخەری هەڵکوتانە سـەر هێندێک دام و دەزگا بوون، بۆ ئەوەی خۆپێشاندانـی هێمنانەی خەڵک تێکدەن و بەرەو گرژی بەرن و پاساوی سـەرکوت و زەبروزەنگیان دەسکەوێ.

من ناتوانم گلەیی لە ڕەفتاری ڕۆڵەکانی گەلەکەم سـەبارەت بە هەڵکوتانە سـەر ئەو دام و دەزگایانە بکەم؛ لە کاتێکدا ئەوان چاوەنواڕی هەڵوێست و هەنگاو و بڕیار و ڕێنمایی یەکگرتووانەی هێزە سیاسییەکانیان بوون، کەچی ئێمە: "اندر خم یک کوچه" بووین.

ڕەفتاری ئەوان ڕەتناکەمەوە کە لەبەر بێکەسـی و تەنیایی و لەبەر زەبروزەنگی بێبەزەییانەی دوژمندا، هەر ڕەفتارێکیان کردبێ. گلەیی لە"پێشڕەوان" و "ڕێبەران" دەکەم. کە نەیانتوانی بە تاقەدێڕێکی هاوبەش داوا لە گەلەکەیان بکەن چ بکەن و چ نەکەن!

کۆماری ئیسـلامی بە ناردنی هێزی "ئاسایش" و چەکدار لە شـارەکانی ترەوە، هەروەها بە دەسـتگیرکردن و زیندانیکردنی چالاکانی سـیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردسـتان، خۆپێشـاندانەکانی سـەرکوت کرد. ئێسـتا بارودۆخـی سـیاسی و دەروونیی هاووڵاتیان چۆن لێکدەدەنەوە؟

ـ بە بۆچوونی من دامرکانەوەی ڕاپەڕین ئاکامی ئەم فاکتەرانەی خوارەوە بوو:

**1-** سـەرکوت و زەبروزەنگی توندی ڕێژیم.

**2-** نەبوونی سـەرکردایەتی. ڕاپەڕینی سـاڵی 91ی باشـووری کوردسـتان بێجگە لە ئامادە بوونی فاکتەرەکانی دیکە، سـەرکردایەتیشی هەبوو. بەرەی کوردسـتانی سـەرکردایەتی ئەو ڕاپەڕینەی کرد.

**3-** بەهاناوە نەهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا تەنیا لە ئاخرین ڕۆژەکانداهەڵوێستێکـی نەرمی سـەبارەت بە سـەرکوتی" کەمایەتی کورد" دەربڕی لە ئاسـت زەبروزەنگی ڕێژیمدا نەبوو.

**4-** بێدەنگی هەرێمەکانی دیکەی ئێران. لە ڕاپەڕینی 1979ی ئێراندا هەموو ئێران ڕاپەڕی. هەروەها لە ڕاپەڕینـی 1991ی باشـوری کوردسـتان، باشـوری عێراقیش ڕاپەڕیبوو.

**5-** بێدەنگی باشـووری کوردسـتان لە بەرامبەر ڕاپەڕین کە ئەوەش خۆی ئاکامی سـەرقاڵی بە گیروگرفتەکانی خۆی بوو.

ئەو ڕاپەڕینە نەبەردێک بوو لە شـەڕی نێوان داگیرکراو و داگیرکەر. نەبەردی یەکجاریش نەبوو. نەبەردی دیکە لە ڕێن و لە کات و سـاتی لەباری خۆیدا دەگەنێ. بەڵام دامرکانەوەی هەر ڕاپەڕینێک کۆمەڵێک ئاکامی نێگەتیڤی دەبێ. ئێسـتا ژمارەیەک لە خەڵکە چالاکەکە گیراون، ژمارەیەک خۆیان شـاردوەتەوە، ژمارەیەک وڵاتیان بەجێهێشـتووە، ژمارەیەک ترساون و نائومێدن. وەدینەهاتنی چاوەڕوانییەکانی خەڵک، بەتایبەتی بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەهاناوە نەهاتنی باشـووری کوردسـتان و ئامادە نەبوونی هێزی پێشـمەرگە لە نێو شـارەکان، زەبرێکی دەرونی لە خەڵک داوە. هەروەها خاڵیی کردنی ئەو وزەیەی کۆبووەوە و تەقیەوە، خەڵکی تا ڕادەیەک خاو کردوەتەوە. دەتوانم بڵێم ئێسـتـا کوردسـتان لە هێمنی دوای تۆفاندایە. زەمان و کاری دەوێ تا جارێکی دیکە ئەو وزەیە کۆببێتەوە. بەڵام هۆیەکانـی سـەرهەڵدان هەر لە شـوێنی خۆیان ماون و دەتوانێ جاریکی تر وزەی تەقینەوە بگرنەوە.

پێکهێنانی بەرەیەکی کوردسـتانی یان هەر شێوازێکی تر لە هاوکاریی توندوتۆڵی نێوان هێزە سـیاسییەکان و وەگەڕخسـتنی ڕاگەیاندنێکی باش و هەڵمەتێکی دیپلۆماسـی، دەتوانێ ئاکام و شوێنەوارەکانی دامرکانەوەی ڕاپەڕین بسڕێتەوە و ورە ڕووخاوەکان هەسـتێنێتەوە و بە پێشڕەوی سـیاسی قەرەبووی دامرکانەوەی ڕاپەڕین و ئاکامە نیگەتیڤەکانی بکرێتەوە.

پەیوەندیی نێوان پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردسـتانی ئێران لە چ پلەیەکدایە؟

ـ دەمەوێ راشکاوانە وەڵامەکەت بدەمەوە. حیزبی دیمۆکراتی لێدەرچێ، کەس لەگەڵ کەس پێوەندی و هاوکاریی نییە. ئەوەی ئەمڕۆ پێی بگوترێ پێوەندی تەنیا لە نێوان حیزبی دیمۆکرات و هەرکام لە لایەنەکانی دیکە، دووبەدووە. ئەوەش زیاتر هاتووچۆ و لێکدانەوە و باسی سیاسییە نەک تەگبیر لە کاری هاوبەش. لەوە زیاتر نییە. لەوەش خەراپتر جار و بار لەسەر رایلکەی ئینترنێت پەلامار و دژە پەلامار دەبەینە سەریەک. ئێمە خۆ بەخەتابار نازانین و حەزدەکەین ئەم دۆخە نەمینێ و لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکەش هاتووچۆ و پێوەندی و هاوکاریمان هەبێ. ئێمە لەنێو کوردان و چوارچێوەی بزۆتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا کەس بە دوژمن نازانین، بەڵام هیچ هێزێکیش ناتوانێ لە مەیدان بەدەرمان بکا. یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ریشەی لە کوردستاندایە و بەقایمیی رەگی داکوتاوە، لە جەرگەی 14ساڵ هەوراز و نشێو و هەستان و شکاندا قاڵ بووە. پارتی لاوانی ناسیۆنالیستی کوردە و بیر لە شەڕی گەورە، شەڕی رزگاری کورد و بە دەوڵەت بوونی دەکەینەوە و نامانەوێت بە شەڕی لاوەکییەوە خەریک بین. ئێمە لەکاتی راپەڕینەکە و لە دیدارێکدا لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات پرۆژەیەکی هەنووکەییمان دا کە خاڵی یەکەمی بریتی بوو لە"پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی خێرای هیزە سیاسییەکانی کوردستان بە هەر ژمارەیەک کە ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبن و بەشداریدانی رێکخراوە دیمۆکراتییەکان و کەسایەتییەکان تێیدا". ئێمە بڕیارمان داوە، شەفاف و ئاشکراوێژ بین. ئیجازە بدەن با نەخشەی ئەو شتەی کە بەڕێزتان پێی دەڵێن پێوەندیی وەک خۆی بۆتان بکێشمەوە و مەتەڵی "پێوەندیی" نێوان هێزە سیاسییەکانت بۆ هەڵێنم.

هەموومان لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات هاتووچۆمان هەیە و ئەویش هەر بەوجۆرە هاتووچۆی لەگەڵ هەموومان هەیە و سەردان و دانیشتن و قسەوباس پێکەوە دەکەین. باڵەکانی کۆمەڵە، واتە کۆمەڵە - سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان تازە لە هێرشی راگەیاندن لە سەریەک خاو بووەنەتەوە و هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نییە. با باسی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کۆمەڵەتان بۆ بکەم. لە ساڵی 91دا سەلام و کەلامێکمان پێکەوە هەبوو. لە 92دا چاوپێکەوتنێکمان هەبوو. دوای ئەوە ئیتر ئەوان خۆیان لە پێوەندی و دۆستایەتی ئێمە دزییەوە، ئێستاش هیچ هاتووچۆ و پێوەندیی و هاوکارییەکمان پێکەوە نییە. مەبەست کۆمەڵە - سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە. ئێمە رێزمان بۆ تێکۆشەرانی ئەو سازمانە هەیە. لەو دۆخە خۆ بە بەرپرسیار نازانین. پێمان خۆشە دۆستایەتی و هاوکاریمان هەبێ لەگەڵیان. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان پاش خۆساخکردنەوە چەند جارێک بۆ کار هاتنە لای ئێمە. بەڵام نەک نەیاندەویست پێوەندیی سیاسی لەگەڵمان رێکبخەن و درێژەیان بە نەریتی رابردوودا، بەڵکوو زوو هەستمان کرد کە بە بوونی ئێمە دڵتەنگن و نایانەوێ ئێمە ببینن. ئەوان بە بوونی ئێمە ئەو ئیدیعایەیان بۆ نەچووە سەر کە داهێنەری چەمکە تازەکانی وەک: "فیدرالیزم" و "بەرەی کوردستانی" بن. چونکە ئێمە 10 ساڵی رەبەق پێش ئەوان ئەو چەمکانەمان هێنایە نێو ئەدەبیاتی سیاسییەوە. کاتی کە باسەکانی بەرە و هاوکاریی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هاتە گۆڕێ، ئێمە لە پێشدا "بۆن"مان کرد و دواتر دڵنیا بووین کە، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان دەیەوێ لە کورستاندا دووجەمسەریی پێکبێنێت. جەمسەرێک خۆیان و جەمسەرێکیش حدکا. ئەوان ئێمەیان بە لەمپەری ئەو ستراتیژییە دەزانی و باشیش تێگەیشتبوون.

بۆیە، دەیانویست بەبێ حوزوری ئێمە لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات دا پێکەوە "دەسپێشخەر" بن بۆ بەرە و هاوکاریی. ئێمە لە دژی ئەو سیاسەتە راشکاوانە و بەرەسمی و شەفاف هەڵوێستمان گرت. بەڵام ئەوان لەسەر لاپەڕەکانی ئینترنێت بە هێرشی شەخسی و شتی ناشیرین بە ناوی جۆراوجۆرەوە وەلامیان داینەوە (بڕوانە سایتی بروسکە و لینکی بەرەی کوردستانی). لەو کاتەدا حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کۆمیسیۆنێکی هاوبەشیان پێکهێنابوو بۆ باس لە پرۆژەی هاوکاری. ئێمە لەگەڵ ئەو کارەدا نەبووین و دەشمانزانی کە بە بنبەست دەگا. کۆمیسیۆن بە بنبەست گەیشت. کۆبوونەوەکانی ئەوان کۆتایی هات. لە 11ی ژانوییەی 2004 دا هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان سەردانی ئێمەیان کرد. بە گەرمی پێشوازییمان کرد و بە راشکاویی باسمان لە مەسەلەکان کرد. لە 8ی ئاوریلی 2004 دا ئێمە سەردانمان کردنەوە. پێوەندیمان ئاسایی ببو و دەمانتوانی هەردولا خێری لێببینین. کەچی لە پڕ لە سایتی بروسکەوە کە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بەرێوەی دەبا "مام ئاکۆ" ناوێک هێرشی کردە سەر کەسایەتی شەهید سەعید یەزدانپەنا و مامۆستا جەلال مەلەکشا. سەعید یەزدانپەنا دامەزرێنەر و رەمزی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و جەلال مەلەکشاش ئەندامیەتی. سەرکردایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بەرانبەر ئەو هێرش و دەسدرێژییە بێدەنگەی کرد. دەیتوانی بە دێرێک بەرپرسایەتی "مام ئاکۆ" لە ملی خۆی دامالێ و دڵمان پاک بکاتەوە نەیکرد. بۆیە ئەندامان و دۆستانی هێدی، تووڕە و هەڵچووی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وێکڕا وەدەنگهاتن و لەو ساوە، ئیتر هیچ هاتووچۆ و سەلام و کەلامێکمان پێکەوە نەما. لەم ماوەیەشدا کە کاکە شوانەی سەید قادر ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، شەهید بوو، رادیۆ و سایتی سەربە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ شێلگیرانە پەیتا، پەیتا، ئەو نووسراوە ساختە و پڕ تەشقەڵانەی کە بە ناڕاست بە ناوی برای شەهید شوانەوە تییاندا نووسرا بوو "شوانە ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان نییە" بڵاودەکردەوە. ئێمە دانمان بە خۆدا گرت و تەنیا روونکردنەوەیەکمان بڵاو کردەوە.

ئێمە ئەم حاڵەتە نەک هەر بە چاک نازانین بەڵکوو بەخراپ و بە جێی نیگەرانی و مەترسی دەزانین. ئەگەر تا لە باشوورین ئەم کێشانە چارەسەر نەکەین، کە بستێ خاکی ئازاد کراومان هەبێ، دەست دەخەینە خوێنی یەک. ئێمە خۆ بە خەتابار و بەرپرسیار نازانین. ئامادەین دەستی برایەتی بنێینە نێو دەستی هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و لەگەڵ ئەو برایانەش لاپەرەیەکی دیکە هەڵدەینەوە.

با ئەوەش ئاشکرا بکەم کە لە کاتی راپەڕینەکەدا دەفتەری سیاسی حدکا بانگهێشتی لە هەموومان کرد بۆ

کۆبوونەوەیەک. یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانی لێدەرچێ کەس ئامادە نەبوو بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بکا. بۆ؟ لە خۆیان بپرسن.

ئەوە دۆخی راستەقینەی " پێوەندیی" نێوان هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. مەبەستم لە گێرانەوەی بەسەرهاتەکان و گوتنی راستییەکان، هێرش بۆ سەرکەس نەبوو. تەنیا شەفافیەت و ئاشکراوێژییە.

لەگەڵ هەندێک لە پارت و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکاندا بەیاننامەی هاوبەش بڵاودەکەنەوە، تەنانەت کاری هاوبەشیش دەکەن. ئاخۆ دەبێت هۆیەکان چی بن کە لە کوردستاندا دیاردەی وا بەدی ناکرێت؟

ـ ئێمە دژی هاوکاری و دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەشی کە لانی کەمی سیاسەت و هەڵوێستی ئێمەی تێدا بگونجێ، نین. بەڵام ئامادەنین دەستی کەسانێک بگوشین و بەیاننامەیەک ئیمزا بکەین کە نەتەوەی کورد بە" قەوم" دابنێن. جارێک بە تەلەیفوون لەگەڵ دۆستێکی دێرین و بەرێزم کە بەداخەوە هێشتا وزە و توانای لەگەڵ هێزە سەرانسەری (؟) یەکان بە هەدەر دەدا، لەسەر بەیاننامەی هاوبەش قسەمان دەکرد. وتم وەکیلی ئێمە بە. هەر بەیاننامەیەک باسی لە "مافەکانی گەلی کورد، "مافە نەتەوەییەکانی کورد" و شتی لەم بابەتە کرد، ئیمزای بکە. بەڵام ئەگەر باسی لە" ئەقوام" و قەومی کورد و" حقوقی قەومی" کرد، ئەوە بیدڕێنە.

بە دیدی ئێمە، ستراتیژی کوردستانی لەگەڵ ستراتیژی ئێرانی دوو ستراتیژی جیاوازن. ئەگەر ستراتژی کوردستانی ئاسانیش نەبێ، بەڵام ئێمە دەبێ پێی پابەند بین و پێی پابەند دەبین. بۆیە ئەوەی بۆ ئێمە گرینگ و لە پلەی یەکەمی ئەرکماندایە، هاوکاریی کوردستانییە. هەربۆیەش 14 ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەم جار لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی پێکهێنانی بەرەی کوردستانیمان هێنایە گۆڕێ.

ئێمەش بە لامانەوە سەیرە کە هێزە کوردییەکان لە گەڵ سازمانی ئەکسەریەت بەیاننامەی هاوبەش دەربکەن، کەچی لە کوردستان و پێکەوە، نە توانن ئەوە بکەن. ئەوە بە کورتی پێی دەڵێن" دەردە کورد"! هۆیەکەی ئەوەیە کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا بەبێ پێچ و پەنا روونم کردەوە.

ئایا ئاسۆیەک بۆ لێک نزیکبوونەوەی بەم زووانە و کاری هاوبەش لە نێوان پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێراندا بەدی دەکرێت؟

ـ یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پاش چەندین کۆبوونەوە و بیرورا و گەڵاڵە گۆڕینەوە، گەیشتوونەتە ئاستێک کە دەتوانین پێکەوە هاریکاریی بکەین و گیروگرفتی ئوسوڵیمان پێکەوە نییە. بەڵام تا ئێستا هیوای ئەوە هەیە لانی کەم یەکێ لە هێزەکانی دیکە بێنەپێش. بە بۆچوونی من هێزێکی دیکە بێتە پێشێ، لانی کەم دەکرێ بەیاننامەی هاوبەش لە سەر رووداوەکان دەربکەین، هاوکاری دیاریکراو دەسپێبکەین و ئەگەر کرا بەردی بناغەی بەرەیەکی کوردستانی دابنێین. بەڵام ئەگەر هیچ لایەک نەیەتە پێشێ، ئەوە دیمۆکرات و شۆڕشگێران نابێ بۆ هەمیشە لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە و دەبێ خۆیان لە سەر هاوکاری ساخ بکەنەوە و لە حاڵەتێکی وادا رێکخراوە دیمۆکراتییەکان و کەسایەتییەکان بە بەشداریی لەو هاوکارییانەدا دەتوانن دەوری گرینگ بگێرن. ئەو دەم ئەو هێزانەش یان رووی تێدەکەن یان دژی دەبن. رووویان تێکرد درگا ئاواڵە دەبێ؛ دژایەتییان کرد تەریک دەکەونەوە.

ئایا ئێوە هەوڵ بۆ کام یەک لەم دیاردانە: (ئیئتیلاف، یەکێتیی کردەوە "اتحاد عمل"، بەرەی کوردستانی) دەدەن؟

ـ ئێمە لە "بەرد نەرمتر"بێ پێمان باشە. شێوازی دڵخوازی ئێمە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی پێکهاتوو لە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە ئازادیخواز و بەرهەڵستکارەکانی رێژیمە و لە سەریشی پێدادەگرین. بەڵام بۆ هەر شکڵێکی مومکینی دیکە ئامادەین و پێمان باشە. ئێمە لەگەڵ ئەو میتۆدە نین کە یا هیچ یان هەموو شت. هەر ڕادە و شکڵ و شێوازێکی موومکین لە هاوکاریی هێزەسیاسییەکان گرینگ و جێی بایەخە بۆمان و ئامادەین بەشداری بکەین.

**14-09-2005**